# شاڵاوی ئەنفال وکاریگەری لەسەرباری ئابووری ودەرونی وکۆمەڵایەتی ئافرەتی بەجێماوەی ئەنفال

نووسینی: عەدالەت عومەر سالح

بەشی یەکەم
باسی یەکەم
ماناو چەمکی ئەنفال
باسی دووەم
ستراتیژی رژێمی عێراق لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال
باسی سێیەم
جێنوساید
یەکەم: (جینۆسایدی فیزیکی
دووەم: (جینۆسایدی بایولۆجی
سێیەم: (جینۆسایدی کلتوری
چوارەم: (جینۆسایدی ئابووری
بەشی دووەم
ئامانجی حکومەتی عێراق لە ئەنفالکردنی ئافرەتاندا
بەشی سێیەم
ئەنجام و کارێگەریەکانی شاڵاوی ئەنفال لە سەر باری ئابووری و دەرونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد
باسی یەکەم
گیرو گرفتی ئابووری
باسی دووەم
دیاردەو نەخۆشیە دەرونییەکان
ا- دڵەراوکێ:
ب- ترس، تۆقاندن
ج- لە هۆش چوون پەرکەمی (الصرع)
د- خەمۆکی (الکابە)
ه- لە بیرکردن(النسیان)
باسی سێیەم
دیاردە گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان
ا- سەرپەرشتیاری خێزان:
ب- گۆرینی شوێنی نیشتەجێ بوون و لەدەست دانی داب و نەریتی رەسەنی کۆمەڵایەتی

## پێشەکـــی :

بەدرێژای مێژوو کوردان بە گشتی لـە سـەر خـاك و وڵاتـی خۆیـان دووچاری سیاسـەتی غـەدرلێکردن و چـەوسـاندنەوەولـەنـاوبردن بونـەتـەوە، لـە کوردسـتانی عێراقیشـدا رژێمـە یـەك لـە دوایـەکـەکـانی ئـەم ووڵاتـە بەبەردەوامی و نەپچڕاوەیی لە سەر کوتکردن و داپلۆسینی ئەو نەتەوە ستەمدیدەیـەدا بونـەو بـە هـەموو شێوە و ڕێگایەك ویستویانە ناسنامەی نەتەوایەتی بسڕنەوە، هەڵبەتە ئـەو کردارەشیان بـەبـەرنامـە و پڕۆگرامـی تایبـەت بوە و ستراتیژیەت و تاکتیکی گونجاو و لە باریشیان بۆ داڕشتوە. ڕاگواستنی بـە کۆمـەڵی خـەڵکی کورد لـە سـەر زێدی باب و باپیرانیان و پراکتیزە کردنی سیاسـەتی بـەعـەرەبکردنـی ناوچـە کورد نشینەکـان بـەهێنـانی هاووڵاتی عەرەب بۆ ئـەوێ و پاداشتکردن و دابینکردنی خانوو دارایی بۆیان و تێکدان و ڕوخـاندنی گونـد و دێهاتـەکـان و لـە دوا قۆناغیشدا کیمابارانکردنی شارو شارۆچکەکانی کوردستان بـەتایبـەتی شاری هـەڵبجـەی شـەهید، کـە لـە چاو چوقانێکدا زیاتر لە (5000) پێنج هەزار کەس بـەگـازی قـەدەغـەکراوی کیمیـاوی خنکێران و بـە دەیـان هـەزارانـی دیکەش بریندار بوون و کە تاوەکو ئێستاش ئاسەوارەکانی ئەم گازە کیمیاویە بـەردەوامـە و خـەڵکی ئـەو ناوچـەیـە بەدەستیەوە دەناڵێنن زنجیرە یەك لە دوایەکەکانی ئەو تاوانانەن. وەلێ لوتکە و ترۆپکی هەمووئەو  تاوانانە خۆی لە (ئۆپەراسیۆنی ئەنفال) دابینیەوە. کە بە پڕۆگرامێکی دارێژراوی ڕژێمی عێراق بەرێوە چوو بـەڵـی تاوانێك کـە چەند مانگێك لە (26 ی‌شوبات تا 6 ئەیلولی 1988) لـە هـەشت قۆنـاغی جیاجیادا بـەبـەرچاوی وڵاتـانی جیهان و کۆمـەڵگـەی نێو دەوڵـەتی و نـەتـەوە یـەکگرتـووەکـان و (UN) و ڕێکخـراوەکـانی مـافی مـرۆڤ رویداو زیـاتر لـە (182000) سەدو هەشتا و دوو هەزار هاووڵاتی کوردی سیڤیل تیایدا شونبزرکران و زیـاتر لـە (4500) گونـد و لادێی کوردستانیش تەفرو تونا کراو سوتێندران، بەڵام بەداخەوە کەسێك دەنگی لێوەنەهات و دنیا لێی بێ دەنـگ بوو، تەنانەت ڕوو نـاوەرۆکـی ئـەم تاوانـە بێ وێنـەیـە لـەگـەڵ ئاستی گـەورەیی و دڕندانـەی نـەبوونـە کـە رستەو هەوێنی دەزگاکانی راگەیاندن و نەورژێنران، پێویستە ئەوەش بگوترێت کـەبـەر لـە ئۆپـەراسیۆنی ئـەنفالی ساڵی 1988 دا پێشتریش سیاسەتی جینۆسایدی کوردان بەچەند شێوازێك ئەنجامدراوە. ئـەوەتـە لـە ساڵانی حـەفتاکـانی سەدەی رابردوودا بەدەیان هەزار هاووڵاتی کوردی فەیلی شونبزر کران و لە ساڵی 1983 دا زیـاتر لـە ( 8000 ) هەشت هەزار هاوڵاتی بارزانی بەپرۆسەیەکی دارێژراوی ڕژێمی عێراق بێسەرو شوێنکران .

دیـارە کۆمـەڵگـەی نێـو دەوڵـەتـی و نـەتـەوە یـەکگرتـوەکـان (UN) و وڵاتـە زلهێـز و بـاڵا دەسـتەکـان بەرپرسیاری یەکەمن بەرامبەر ڕوودانی ئەو تاوانە بێ وێنەیە، بێگومان دابەش بوونی جیهان لـەوکاتدا بـەسـەر دوو جەمسەر (بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژئاوا) و بەیەك گەیشتنەوەی بەرژەوەندییەکان هۆکاری سەرە کی بوون بۆ داپۆشین و شاردنەوەی ئەو تاوانانە. وەلێ ئەمڕۆ دوای ئەو هەموو گۆڕانکاری و ڕووداوانەی کە هاتنـە پێشـەوە و لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق و ئاشکرا بوون و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بە کۆمەڵ کە بەڵگەی واقیعین لە سەر ئەو تاوانە، پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵـەتی بە تایبـەتی نـەتـەوە یـەکگرتووەکان (UN) زیاتر بایـەخ بـەم پرسـەوە بدەن و لـە بنج و بنـەوانی بکۆڵنـەوە و هـەوڵ بۆبـە ( نێو نـەتـەوەیی کردنـی کارەساتی ئـەنفال) بـدرێت دەستبەجێ قوربانیان و زیان لێکەوتوانی قـەرەبوو بکرێنـەوە و تاوانباران و ئـەنجامـدەرانیشی بی سزای خۆیـان بگەن، ئەم لێکۆڵینەوەیە لە سنوری هەرێمی کوردستان لە هەولێر، سلیمانی ، دهوك و کـەرکوك بـە شیوەیـەکی مەیدانی ئەنجام دراوە بەتایبەت باسی بارودۆخی و رەوشی ئافرەتانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دەکات لـە هـەر شوێنێك وەك نموونە 100 فۆرم پر کراوەتەوە لەگەڵ چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ کەسوکاری ئـەنفالکراوەکان و شایدعەیان و شایدحالەکانی شالاوی ئەنفال، هەروەها پشتی بە هەندێك سـەرچاوە بـە شێوەی کتێب ولێکۆڵینـەوە بەستووە لە هەمان کات بەشداری و هاوکارییـەکی تـرە بۆ زیاتر ناساندنی ئـەم تاوانـە بـە جیهان و ڕای گشتی ،

لێکۆڵینەوەکە لە پێشەکییەك و سێ بەش و ئەنجام و راسپاردەکان پێك هاتوە، (بەشی یەکەم) لایەنی تیۆری لێکۆڵینەوەکەیە ،لە باسی یەکەم مانا و چەمکی ئەنفال باسکراوە و لە باسی دووەمدا بە کورتی باس لە ستراتیژی رژێمی عێراق لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال دەخاتە ڕوو ، لە باسی سێیەمدا لە کورتەیەك باسی جۆرەکانی جینۆساید دەکات (بەشی دووەم)ی لێکۆڵینەوەکە باس لە ئامانجی رژێمی عێراق لە ئەنفال کردنی ئافرەتی کورددا دەخاتە ڕوو، (بەشی سێیەم) باس لە ئەنجام و کاریگەریەکانی پرۆسەی ئەنفال لە سەر باری ئابووری و دەرونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد دەکات کە ئەویش کراوەتە سێ باس هی یەکەمیان باس لەو کێشە و گیروگرفتە ئابوورییەکانی کەس وکاری ئەنفال دەکات و لە دووەمیشیان باس لەو نەخۆشیە دەرونیانە دەکات کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دوچاری هاتوون لە باسی سێیەم ئەو نەخۆشیە کۆمەڵایەتیانە دەخاتە ڕوو کە ئەمڕۆ بە شێوەیەکی زەق لەو کەس و کارانە بەدی دەکرێت، لێکۆڵینەوەکە کۆتایی دێت بە گرنگترین ئەو ئەنجامانەی پێی گەیشتوە لەگەڵ هەندێك لە پێشنیارو ڕاسپاردە بەو هیوایەی جێگای خۆیان گرتبێت و بە دواداچونیشی لە دوادا هەبێت، هەروەها داوای لێبوردن دەکەم ئەگەر هاتوو هەر کەم و کوڕییەك لە لێکۆڵینەوەکەدا بەدیکرا، هاوکات بە ڕەخنەو تێبینییەکان لێکۆڵینەوەکە بەهێزترو پوخت تر دەبێت، لە کۆتاییدا هیوادارم توانیبێتم بەشێك لەو ئەرکە نەتەوایەتییەی کە لەسەر شانمە سەبارەت بە خستنەڕوی هەندێك لە زانیاریو ڕاستی و ئەو نەهامەتی و مەینەتیانەی کە کەس وکاری ئەنفالکراوەکان بە دەستیانەوە دەناڵێنن ئەنجام بدەم.

# بەشی یەکەم

## باسی یەکەم

## ماناو چەمکی ئەنفال

رەنگە چەمكو پێناسەی ئەنفال لەڕووی زمانەوانی (لغە)و زاراوەییەوە تاوەکو ئێستا لەلای زۆربەی زۆری خەڵك شتێکی نادیارو نامۆبێتو ناوەڕۆکەکەشی- مەبەست لەبنجو بناوانی ئۆپەراسیۆنەکەیە – ئاشکرا نەبوبێتو بگرە هەرکاتێك ئەم وشە عەرەبییە باس بکرێت ئەوا دەسبەجێ دیمەنی ئەو دەیان هەزار مرۆڤە کوردە بێتاوانەمان بێتەبەرچاو کەبە پرۆسەیەکی داڕێژراوو نەخشە بۆ کێشراو لەلایەن رژێمی عێراقەوە بەچەند قۆناغێکی جیاجیا- کەدواتر باسیان لێوە دەکەین- لەناوبردران.

ئەنفال لەڕووی زمانەوانییەوە کۆی (نفل)ە بەواتای (غنیمە) دەستکەوت دێت(1) ناوی سورەتی هەشتەمەلە ( قورئان )ی موسڵمانانیدا بە واتای ئەو دەسکەوتە دێت کە لەشەڕو تالانکردندا بەدەست شەڕ کەران کەوتووە بەزەبر و هێز، چونکە کاتی خۆی کە موسڵمانەکان دژی نەیارەکانیان ( واتا کافرەکان ) دەجەنگان بەپێی ئەحکامەکانی ئەم ئایەتە هەرچی دەستیان دەکەوت لە ماڵ و ماڵات بۆ خۆیان دەبرد. تەنانەت ژن و منداڵەکانیشیان وەك (کەنیشکە) (جاریە) دەبردو پیاوەکانیشیان دەکوشتن.

بۆیە ناونانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بە ناوی ( ئەنفال ) دژی نەتەوەی کورد لە لایەن رژێمی عێراقەوە شەرعیەت دان بوە بەو سیاسەتە جاهیلیەی رابردوو هەروەك نەتەوەی کوردیان بە (کافر و موشریك ) دانابێت بەو دەردەیان برد.

## باسی دووەم

## ستراتیژی رژێمی عێراق لەئەنجامدانی پرۆسەی ئەنفال

ستراتیژی پرۆسەی ئەنفال لە ناو بردنی بە کۆمەڵی نەتەوەی کوردو بڕانەوەی رەچەڵەکی مرۆڤی کورد بوو، هاوکات پرۆسەیەکی دڕندانەی رقی رژێمی عێراق بوو بۆ لە ناوبردنی شۆرشی سیاسی و چەکداری کورد هەروەها بە مەبەستی شێواندنی سروشتی کوردستان لە ڕووی جوگرافی و دیمۆگرافیشەوە بۆ بەعەرەب کردنی ناوچەکانی کوردستان بوو، چونکە لە ئایدۆلۆژیەتی رژێمی بەعس هەموو ئەوکەمە نەتەوانەی کەلە ناو خاکی عەرەبدا دەژین بیانین و هیچ مافێکیشیان ناکەوێت

هاوکات ئەم پرۆسەیە لێدانێکی کوشندە وئامانجێکی سەرەکی رژێمی عێراق بوو بۆ لاوازکردن و ئیفلیج کردنی ژێرخانی ئابووری کوردستان چونکە ئەم پرۆسەیە هەر بە تەنها سڕینەوەی مرۆڤی کوردنە بوو بگرەئەو(شاڵاوە پەلەوەر و مەڕو ماڵات و بەرزە وڵاخ و زۆر باڵدار و گیانلەبەری تری گرتەوە کە لەگەڵ لە ناوچونی گوندەکان و ئاوەدانیدا ئەمانیش لە ناو چوون کەوا مەزەندە دەکرێت خۆی لە 5 ملیۆن سەر ئاژەڵ و مەڕو ماڵات بدات ).(4)

ئەمە جگە لە ئۆتۆمبێل و مەکینەو ئامێرەکانی کشتوکاڵی و ئاش و حەوزی ماسی و شانەی هەنگوین کە بەرێژەیەکی زۆر لە ناوچون هەروەها جگە لەرەزو و باخ و زەوی کشتوکاڵی چەمێکی زۆری داری چنارو بی و داری خانووبەرە و وشك بوون و لە ناو چوون و سوتان ، هەروەها وێرای سەرهەڵدانی گیروگرفتی بێکاری سەدان هەزار خەڵك کە ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەی لەسەر روخساری کۆمەڵگەی کوردەواری بەگشتی نواند.

ئەم دیدو بۆچونە بەناو ستراتیژیەتی رژێمی عێراق بەشێوەیەکی پراکتیکیانە لەساڵی 1988 دا ئەنجامدرا و پرۆسەی ئەنفال لە ناوچە کوردنشینەکان لە بەرچاوی هەموو جیهان و نەتەوە یەکگرتووەکان (UN) و سەرجەم کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتی جێبەجێکرا.

## باسی سێیەم

## جێنوساید

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ تەعریفو پێناسەی جینۆساید ئەوا ئەم وشە نوێیەبەمانای کردەوەیەکی کۆن بەشێوە نوێباوو گۆڕاوەوە (modern deve lopment) لەوشەی کۆنی یۆنانی (Gnos) ڕەگەز عەشیرەتو وشەی لاتینی (Cide) کوشتار پێك هاتووە.ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکەم جار لەساڵی 1933 لەکۆنفراسێك لەشاری مەدرید لەلایەن پرۆفسیۆ (رافایل لێمکین) (Rafhal Lemkin) بەکار هاتوەو بەنوسینیش لەساڵی 1944دا تۆمار کراوە. ئەو هەڵومەرجە رامیاری وکۆمەڵایەتیو ئابوورییەی کەدوای شەڕی دووەمی جیهانی هاتە ئاراوەو وڵاتانی بەگشتی بەرەو بارێکی دیکەی هەڵسوکەوتو کارکردن لەڕووی زۆر بابەتی جیاجیاوەبرد، دوای ئەوەی نازییەکان قەڵا چۆی جولەکەو رۆمانەکانیان کردو لەگەڵ کۆتایی هاتنی شەڕو دامەزراندنی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم وشەیە لەساڵی 1948 لەبەڵگەیەکی نەتەوەیەکگرتووەکاندا بەناوی (پەیمانی پێشگرىو تەنبێ کردنی جینایەتی جینۆساید) ( Conven tion on the Prevention and Punishment of the Crimeof Genocide) ناسرا کەئەویش رێکەوتننامەیەکە بۆ قەدەغەکردنو سزادانی تاوانی جینۆساید بەپێی بڕیاری ژمارە 2670 لە 29ی کانوونی یەکەمی ساڵی 1948 دا لەلایەن کۆمەڵەی گشتییەوە پەسەند کراو لە12ی کانوونی یەکەمی 1951دا چوە بواری کارپێکردنەوە، ئەم رێککەوتننامەیە پێناسەی جینۆساید واشیدەکاتەوە کەئەو کارانەی بەمەبستی تێکدانو هەڵتەکاندنی گشتی یان بەش بەش ئەنجام دەدرێن دژبەکۆمەڵێکی نەتەوەیی ئەتنیکی یائاییینیو شتی لەم چەشنە.

دیارە ئەم رێککەوتننامەیە شێوازێکی یاسایشی بەخۆوە گرت وەکو زاراوەیەکی یاسایی بەکار هێنرا، بەڵام هەموو کوشتارو ڕەشکوژییەکی بەجینۆساید دانەنا، چونکە جینۆساید کوشتارێکی تایبەتییە کەلە ماددەی دووەمی

پەیمانەکەدا بەم شێوەیە هاتووە(2): جینۆساید بەمانای هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوەیە کەبەنییەتی لەناو بردنی تەواو یان بەشێك لەگروپێکی نەتەوەییو ئێتنی ڕەگەزی یان ئاین ئەنجام بدرێ.
یەکەم: کوشتنی ئەندامانی گروپەکە (جینۆسایدی فیزیکی).
دووەم: داسەپاندنی ئیجرائاتی وا کەمەبەستی پێشگرتن بێ لەزان (منداڵ بوون) لەناو گروپەکە یان زیان گەیاندنی جەستەیی بەئەندامانی گروپەکە(جینۆسایدی بایولۆجی).
سێیەم: قەدەغەکردنی بەکارهێنانی لەخوێندندا یان لەنوسینو گوزارشتدا، یان ڕێپێنەدانی بڵاوکراوەی (بیستراو بینراو خوێنراو(جینۆسایدی کلتوری)
چوارەم: ئیفلیج کردنی ژێرخانی ئابووری ولە ناو بردنی سروشت و خاپوور وێران کردنی بەروبوم وبە تاڵان بردنی سەروەت سامانی خەلك(جینۆسایدی ئابووری)
هەروەها لەسەرەتای پەیمانەکەدا هاتووە کە جینۆساید تاوانێکە دەکەوێتە ژێر یاسای نێو نەتەوەیی ولەدژی گیانو ئامانجی نەتەوەیەکگرتوەکانەو دنیای شارستانییەت مەحکوم دەکا، بێگومان تاوانێکی وا گەورەو تۆقێنەر دەبێت سزاشی بۆ دانرابێ، مادەی سێی پەیمانەکە دەڵێت (3): ئەو کردەوانەی خوارەوە سزا دەدرێن:-
أ- جینۆساید.
ب- پیلان گێران بۆ جینۆساید.
ج- هاندانی راستەوخۆ بەگشتی بۆ جینۆساید کردن.
د- هەوڵدان بۆ جینۆساید کردن.
هـ- هاو دەستی لەجینۆسایددا.
لێرەدا دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کە جینۆساید لە کوردستاندا لەلایەن ڕژێمی عێراقەوە بەرامبەر بە ڕەگەزی کورد هەر بە تەنها بە هێرشەکانی ئەنفالەوە نە بەسراوەتەوە بەڵکو دیارە مێژوویو لەناوبردنو قڕ کردنی نەتەوەی کورد دێرینەو هەر لە رۆژگاری میدییەکانەوەو چەندین سەدە پێش زایین بگرە تاکو ئەمڕۆ لەلایەن دوژمنانییەوە هەوڵێ قڕ کردنو تواندنەوەیان بەردەوامە.
هەروەها رژێمە یەك لە دوایەکەکانی عێراق لە سەدەی رابردوو تاوەکو روخانی لە2003/4/9بەردەوام و بە زۆرە ملێ کوردانی لە جێگاو ماڵی خۆی وە دەرناوەو لە ناوی بردون، سیاسەتی کۆچ پێکردنی زۆرە ملێی گوندنشینەکان و وێرانکردنی دوو دیاردەی ئاشکرای جێبەجێکردنی جینۆسایدن کە ڕژێمی عێراق کردوونی،هەروەها دەرکردن و بێسەرشوێنکردنی دەیان هەزار کوردی فەیلی لە سالەکانی 1979-1980 ، بێ سەرو شوێنکردنی نزیکەی (8) هەزار بارزانی لە ساڵی 1983 دا وکیمیا بارانکردنی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان.

## بەشی دووەم

## ئامانجی حکومەتی عێراق لە ئەنفالکردنی ئافرەتدا

کارەساتی ئەنفال وێرای ئەو هەموو تاوانانەی دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرا زیاتر برینی کوردانی قوڵتر کردو ئاسەوارێکی نێگەتیڤانەشی لەسەر روخساری کۆمەڵگەی کوردەواری جێهێشت و هەروەها کاریگەرییەکی گەورەو بە هێزیشی لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکی کوردستاندا نواند کە خێزان بە پلەی یەکەم دێت. چونکە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵگەیە و کۆمەڵیش لە رێگەی خێزانەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرك و مافەکانی جێبەجێ بکات و بەسەریاندا زاڵ بێت، هەروەها خێزان بناغەو بنەرەتی دروست بوونی هەموو نەتەوەیەکە کە بەچەند قۆناغێك تێدەپەرێ و بەسەری دادێ تاکو نەتەوەکە دروست دەبێت ، ئەمە لەلایەك لەلایەکی تر خێزان

گرنگیەکەی لەوەدایە، بە تایبەتیش لە کۆمەڵی کوردەواریدا کە بە چەند ئەرکێکی زۆر بنەرەتی و سەرەکی هەڵدەستێ لەوانە پەروەردەی منداڵ و نەوەی نوێ بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرك و کارانەی پێیان دەسپێردرێت هەروەها گواستنەوەی داب و نەریت و کولتوری نەتەوەیی لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر لە رێگای خێزانەوە دەگوازرێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ لە رێگای خێزانەوە بە شێوەیەکی گشتی دروست دەبێت بۆیە خێزان گرنگترین و کاریگەرترین دەزگای ناو کۆمەڵ دەبێت.(4) دیارە ئافرەتیش وەکو توێژێکی سەرەکی کۆمەڵ و رەگەزێکی کاریگەر تیایدا بەشی هەرە زۆری ئەو زەرەرو زیانانەی بەرکەوت و بوە قۆچی قوربانی ئەو ئۆپەراسیۆنە بەد ناوە، رێکخراوی (MEW) (چاودێری رۆژهەلاتی ناوەراست) لەساڵی 1992 لە چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ ئافرەتێکی گوندی شێخ حەمیدی قەزای دوزخورماتو گەیشتوتە ئەو رایەی (کە پاش گرتنی خەڵکەکە ژن و پیاو لە یەکتر جیاکراونەتەوە ئینجا پیاوەکان بۆ شوێنی نادیار گواستراونەتەوە ، دواتریش بەهەمان شێوە ژن و منداڵە کانیان).(5)
هەروەها لە چاوپێکەوتنێکیدا مام الماس دەڵێت: حەرەسەکان ووتیان سێ میصری هاتوون دەڵێن ئێمە هاتووین بۆ ژنی کورد کە حکومەتی عێراق دابەشی دەکات. ئەم سێ مصریە لە بەسرەوە هاتبوون کتابیان پێبوو. زابتێك ناوی (سەردار) بوو ئەو رۆژە خەفەر بوو لە مەقەری قیادە ئیترکەلای (سەردار) وتبویان هاتووین بۆ ژنی کورد ئەویش حەپسی کردبوون. وتبوی تابەیانی قائید دێت من ناتوانم بەرتان بدەم و هیچ شتێك بکەم. کە بەیانی (ناتق) واتە (قائیدی جیشی شعبی) هات لەناو حەدیقەکە ئیشم دەکرد، سەردار بە ناتقی ووت سێ میصری هاتوون بۆ ژنی کورد منیش تا ئێستا مەعلوماتی وام نییە کە ئەم شتە هەیە یان نا؟ کە ئەم قسانەی بۆ کرد (ناتق) ووتی منیش مەعلوماتم نییە ئەچم بۆ (فرع) واتە فەرعی کەرکوکی حزبی بەعس. بزانم شتی واهەیە، ناتق چوو بۆ (فەرع) نیو سەعاتێکی پێچوو لە فەرع هاتەوە، بەسەرداری ووت ئەو سێ میصریە بهێنن شتی واهەیە. لەگەڵ خۆیدا لە گازێکی قیادە سواری کردن چون بۆ تۆبزاوا، چونکە دواتر زانیم کە ئەنفالەکان لە تۆبزاوان. کە هاتنەوە مەقەڕی قیادە، هەر سێ میصریەکە سێ ئافرەتیان لەگەڵ خۆیان هێنا بوو، بە چاوی خۆم هەرسێ ئافرەتەکانم بینی تەمەنیشیان 18 بۆ 20ساڵان دەبوو.
سوکایەتی کردن بە رەوشت و کەرامەتی ئافرەتان و ئازاردانیان دوور لە هەموو داب و نەریتێکی مرۆڤایەتی یەکێك بوە لە ئامانجە هەرە سەرەکییەکانی رژێمی عێراق لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا ، (وە کاتێك پیاو و ئافرەتەکان لە یەکتری جیاکراونەتەوە، جەلادەکان دەست درێژیان کردۆتە سەر ناموسی ئافرەتەکان و تەعدایان لێکردوون).(6)
ئافرتێکی هەلآتوی عەرعەر دەڵێت: (رۆژی وا هەبووە دوانزە پیاو هاتونەتە لام و دەست درێژیان کردۆتە سەر ناموسم).(7)
هەروەها ئافرەتێکی دەرباز بوو بە ناوی ئامینە لە چاوپێکەوتنێك کە لەگەڵم سازداوە دەڵێت : کچەکانیان جیاکردەوە بۆ مەبەستی خۆیان بۆ ئەوەی ئابرومان بەرن هەموومان تا بەیانی لە ترسا خەو نەهات بە چاومان هەر جارێ دەهاتن کامە کچ جوان بوو دەیان برد لەکاتی گەرانەوەش چاو بە فرمێسك وشپرزە بوون (گریان مەجالی قسە کردنی پێ نەدا بەدەم هەنسکەوە بە سەرهاتی خۆی ئاوا گیرایەوە)شەوی دووەم بوو کە لە توبزاوا بووین شەو درنگانێك بوو چوار عەسکەر هاتن بۆ ناو قاعەکەمان هەموومان ترسا بووین لە ترسان سەری خۆمان خستبوو خوارەوە لە ناکاو دەستێکی رەشی گەورە قۆڵمی گرد, قۆرگم پر بوو لە گریان حەزم ئەکرد ئەو کاتە مردمایە منو سیانیتریان پەڵکیش کردو برد , تا دەرنگانی شەو بەزۆر شەق وپێلاقە سەمایان پێکردین و سوکاتیان پێ دەکردین جنێویان بە کورد دەدا دواتریش بە زۆر دەستدرێژیان کردە سەرمان بەیانی کە بە هۆش

خۆمان هاتینەو ە جلو بەرگمان خویناوی و دڕابوو هەر چوارمان سەرمان پێکەو ناو گرییان عەسکەرەنامردەکان کە ئێمیان وا بینی بە قۆناغی تفەنگ لێمانیاندا دواتر بۆ قاعەکە گواسترایینەوە لەم سێ شەوە خۆم چەند جار ئەم شتەم بەچاوی خۆم بینی بەلام هیچ کاممان نەماندەوێرا قسەیەك بکەین.

رێکخراوی (MEW) لەو بروایە دایە کە (دەنگوباسێکی زۆر ترسناك هەیە کەوا لە بارەی کۆمەڵێکی گەورەی کچی عازەبەوە دەدوێ گوایە بە جیا لە بەندییەکانی تر دایانناون و بەردەوام ئەمنەکان دەست درێژیان کردونەتە سەر ، هەروەها باسی ئەمەش هەیە کە یەکێك لەو ئافرەتانە لە ئەنجامی ئەم کارەدا خۆی بە چەقۆیەك کوشتوە، دەست درێژی کردنەسەر ئافرەتی بەندکراو لە عێراق دا لەهەموو شوێنی زیاتر بەڵگەی بە دەستەوە بووی هەیە و تەنانەت وا زانراوە کە لە سەرکاسێتی ڤیدیۆش تۆمار کرابێت).(8) کە بێگومان ناوەرۆکی ئەم قسانە زۆر مانا لەسەر ئەو تاوانانە هەڵدەگرێت کە دەرهەق بە ئافرەتی کورد ئەنجام درابێت. ئەوەی جێگای قێزلێبونەوەیە کە رژێم ئەنجامی دابێت ئەوەیە کە وێرای سوکایەتی کردن بە ئافرەتان و ئازار دانیان رژێم کەوتە مامەڵە و سەودایەکی تر ئەویش فرۆشتنی ئافرەتان بوە، هەروەك چەرخەکانی ناوەڕاست و کڕین و فرۆشتنی بەندە (عبد) و گەڕانەوە بۆ سیستەمی (عبودیە) .

لەم بارەیەوە زۆر بەڵگە هەن کەوا ئەفسەرەکانی سوپای عێراقی هەڵساون بە فرۆشتنی ئافرەتی کورد تەنانەت بۆ ولاتانی دەرەوەش بە تایبەتی ولاتانی کەنداو، (کنعان مکیە) دەڵێت: (بەر لەوەی برۆمە باکوری عێراق گوێبیستی گەلێك چیرۆکی سەیر و سەمەرەو نامۆ دەبوم وەك ئەوەی ئافرەتە کوردەکان چۆن لە بازارە پەرتووبڵاوەکانی کەنداو فرۆشراون.(9) هەروەها باس لە روداوێك دەکات کە (شوفێرێکی کورد لە رێگای بەغدا-عومان کاری کردوە کاتێك ئۆتۆمۆبیلەکەی لە رێگای نزیك شاری رومادی لە کارکەوتوە دوو ئافرەتی کورد لێی نزیك بونەتەوەو بە زمانی کوردی لەگەڵیدا دواون و داوایان لێکردوە بیانگەیەنێتە سلێمانی، پاش گفتوگۆ لە نێوان ئافرەتەکان و شوفێرەکە پێیان گوتوە کە ئەوان لە کاتی شالاوی ئەنفالەکان ساڵی 1988 دەستگیرا کراون و ئەفسەرێکی سوپای عێراقی فرۆشتونەتییە شێخی عەشیرەتێك لە رومادی).(10) ئافرەتە گیراوەکان جۆرەها ئازاری لەش دراون و ئەوپەری سوکایەتی و ئیهانەیان پێکراوە ئەوە لەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ شایەت عەیانەکان ئەنجامم داوەن کە کاتی خۆی گیراون و لە لێبوردنە گشتیەکەی 1988/9/6 *ئازاد کراون ئەو ڕاستیانە دەردەخەن. لە یەکێك لەو چاوپێکەوتنانە لەگەڵ ئافرەتێکدا ئەنجام دراوە دەڵێت: (سەربازێکم بینی ناوی بە عبدالقادر عبداللە دەبرا کە پیاوی حەجاج ** بوو تاقمێ ئافرەتی گەنجی دابوە بەرشەق و تێهەڵدان و بەسۆندەی پلاستیکیش هاتبوە وێزەیان ئەم ئافرەتانە تازە لە دبزەوە هاتبون).(11) ئافرەتێکی تر بە ناوی ژیان دەڵێت" رۆژیك یەکێك لە ژنەکان چونکە حامیلە بوو ژانی منالٚ بوونی گرت ژنەکانی تر داوایان لە حەرسەکان کرد تاکو هێندی شتی پیویستیان بدەنێ بەلام ئەوان لە جیاتی یارمەتی دان گەورەی خویان ئاگادار کردەوە نزیکەی 10 کەس دەبوون هاتن بە دیار دیمەنی منداڵ بوونەکە راوەستان دەستیان کرد بە جێنودان و گاڵتە و پێکەنین هەموو ژنەکان هیوایان دەخواست ئەوکاتە مردەبان و ئەمەیان نەدیبا منیش هیچ کات ئەمم لە بیر ناچێتەوە.

تەنانەت (حەجاج کاتێك ئافرەتێکی حامیلەی ببینیبایە بە و سۆندەیەی دەستی لە سکی ئەو ئافرەتەی دەداو دەیگوت ئەمانە لاوو زۆڵە کوردن).(12) ئەوەتا مام نوری یەکێك لەشاهید عەیانەکانی بەندیخانەی نوگرە سەلمان لە کاتی گیرانەوەی بە سەر هاتی خۆی چەند جارێك ناوی عەجاجی هێنا لێم پرسی مام نوری عەجاج کێ بوو ؟ ووتی مدیری سجنەکە ناوی (عەجاج)بوو ناویشی عبداللە بارقە بەڵام لە بەر دڵرقی ئەو ناز ناوەیان داوەتە هەرچی ئەمر و ئەشکنجە دان و شتی خراپ بوو لە لای ئەو دەر دەچوو، ئەو هەر بە دەستی خۆی لە بەر چاوی ئیمە حەوت کەسی بەدار کوشت , ئەو سووکایەتی بە ئافرەتەکان دەکرد و ئەو ئافرەتانەی سکیان هەبا بە سۆندە

لـه سكی دەدان دەیگوت ئـەوانـە كوردن نـابێ بێمینن، هـەروەهـا دەڵێـت" عسكرەكـان زۆر جـار دەهـاتن چـەنـد ئافرەتێكیان دەبرد كاتێك دەگەرانەوە ناو قاعەكە كزو مات دەبوون ئەگەر نـەگەرابانـەوە ئـەوە كـەس نـەی دەزانـی چییان لێ بە سەر دەهات پرسیم ئەی ئافرەتەكان هیچیان نەدەووت ووتی نا بەس خۆ ئیمە گێل نـەبووین دەمانزانی بەڵام دەسەلاتمان نەبوو .

هەروەها زۆر لە دیمەنی ترسناك و جەرگبڕی تر كە بەندییەكان لە بەندیخانەكانی رژێمیان بینیوە وەك (ئـافرەتـی بەقژ هەڵواسراو كەمەمكیان بڕابۆوە یان چاویان هەڵكۆرابوو نینۆكەكانیان هەڵكێشرابوو).(13) شاهید عەیانێكی تر لە بەندیخانەی نوگرە سەلماندا دەگێڕێتەوەودەڵێت: (لە چرقەی گـەرمـای هاویندا رۆژانـە یـەك دوو ئـافرەتیـان ئەهێنا دەرەوە و بە عەمودەكانی ناو حەوشەی بـەندیخـانـەكـە هـەر لـە بـەیـانی تـاكو نیـوەرۆ ئـەیانبـەستنەوە هـەتـا ئەبورانەوەو نەدەبوایە كەسیش نزیكیان بكـەوێتـەوە شـەوانیش كـە سـەربـازەكـان سـەرخۆش دەبـوون بـە زۆری لولەی چەك و لە ژێر هەڕەشەدا گۆرانیان پێ دەگوتن و هەڵپەڕكێیان پـێ دەكـردن).(14) مـام نـوریش دەڵێت" نیوەرۆیان ئەیان هێنایە دەرەوە بۆ بەر خۆرەكە سەعات و نیوێك لەو بەر خۆرە گـەرمـە دەبـو سـەیری خۆرەكـە بكەین ئـەوەی تـەماشای نـەكردایە لێیان ئـەدا،ئـەوە تـەعزیبێكی زۆر قورس بوو بـۆ ئیمـە چونكـە تـەمووز بـوو گەرمایەكی زۆر بەتین بوو. ئێمەش ئەو تاقەتەمان نەمابوو، خەڵك هەبوو ئەبورایەوە هـەبوو لـەو تـەعزیبدانـەدا دەمرد و ئیمەش هەر بە مـەیتی دەمانبردنـە ژوورەوە. جار هـەبوو شـەو رۆژێك ئـەو مـەیتـە دەمایـەوە و بۆگـەن دەبوو دوایش هەر بـە ئیمـەیان دەناشت شـەش كـەسیان ئیزن دەدا بۆ ناشتنی جـەنـازەیـەك،لـە وانـەی كـە مـردن ئافرەتێك بوو ناوی (فاتمە محمد) كە ئامۆزای خێزانەكەی من بوو خـەڵكی گونـدی (توركمـان بـاخ) بـوو، چـوو لـە وحەشەكەدا ئاو بهێنێت تەنكەرێكیان لەوەێ دانا بوو ، تا دەستی برد بۆ ئاوەكە شورتەیەك بە هەمـوو تینـی خـۆی شیشێكی كێشا بوو بە پشتیدا و تا هێنامانە ژورەوە مرد. هەر لە خەڵكی گوندەكەی ئیمـە نزیكـەی10 كـەس مـردن. ئینجا ئەوەی داوای نان یان ئاوی بكردایە دەیان گرت و سەرەوخوار دەیان كرد بەداردا و پەڕۆیان لە بەر لوتیـان دەسوتاند.

وێڕای ئازاردانی لەش، ئافرەتە بەندكراوەكان ئازارێكی دەرونی ئێجگار زۆر دراون بۆ نمونـە بـەوە ئـازار دەدران كە نەیاندەزانی چی بەسەر مێردو براو باوكیان هاتوە،(15) یان نەیاندەهێشت مردووەكـان بـەرێزو حورمـەتـەوە بنێژرێن كە ئەوەش كاری دەكردە سـەر دەروونـی زیندانیـەكـان و لـە نـاخـەوە دەیانڕمانـدن، رێكخـراوی (MEW) لەسەر زاری ئافرەتێك دەگێڕیتەوە كەوا (لەپاش چەند هەفتەیەكی كەم مێردەكەم لە باوەشمدا مرد، ئـەوتـا دەهـات بارێك و بنێس دەبوو پاسەوانـەكانی بـەندیخانـە زۆر بـەخراپـی داركارییان كردبوو ، لاشـەكـەی شـەو ورۆژێك لـە قاوشی بەندیخانە دا مایەوەو پاسەوانەكان نەیـانهێشت بینێژن و زۆریان لێ پارامـەوە بـەلام گاردێك ڕێك و ڕەوان وتی لاشەكە دەبێ لە بەندیخانەدا بمێنێتەوە تـا دەگـەنێ).(16) ئـەوەتـا مـام نـوریش دەڵێت: پـاش چـوار مـانـگ لـە نۆگرە سەلمان نەخۆشەیەكی تێكەوت شەوی وا هەبوو (30- 40)كەس دەمرد. هەموو ئەوانەی دەمردن لـەشیان رەش دەبوو رەق دەبون بە جۆرێك بارێك بـەنیس دەبـوون كـەس نـەیدەناسینەوە، هـەموشی لـەبـەر پیسـی و بـێ خواردنی بوو، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا یەك كەس خۆی نەشۆری.

ئاسەوراە نێگەتیڤەكانی ئەنفال لەسـەر ئـافرەت تـاوەكو ئـەمڕۆ بـەردەوامـە و ڕۆژ دوای ڕۆژ لـە زیاد بونـدایـە بـە تایبەتی ئەو ئافرتانەی كە پیاوەكانیـان تـاوەكو ئێستا بێسـەرو شـوێنن و روبـەڕوی كۆمـەڵێك گیروگرفتـی خێزانـی بونـەتەوەو چارەنووسیان نادیارە، هەروەها ئەو ئافرەتانـەی لـە كـاتی ئۆپـەراسیۆنـەكە بـەر شـاڵاوەكـە كـەوتون و گیران و لـەبـەرامبـەریـانـدا ئـەوپـەڕی بێویژدانی و تـەنانـەت سوكایەتیشیان دەرهـەق ئـەنجامـدرا، دیـارە ئـامـانجی

سەرەکی رژێمی عێراق لە ئەنجامدانی ئەم کردارە بەد ئەخلاقیە تەنها بۆ ئەوەبوە کە بنەماکانی کۆمەڵگەی کوردەواری و کۆڵەگەی خێزانی کورد بروخێنن و دواتریش لەناوی ببەن.

بەشی سێیەم

ئەنجام و کاریگەریەکانی پرۆسەی ئەنفال لە سەر باری ئابووری و دەرونی و کۆمەڵایەتی ئافرەتی کورد

پرۆسەی بەدی ئەنفال وێرای قاتوقڕکردنی گەلی کورد و وێرانکردنی کوردستان و تێکدانی ژێرخانی ئابووری، گەلێك دەردەسەری و نەخۆشی کۆمەڵایەتی لە دوای خۆی بەجێهێشت کە تاوەکو ئێستاش پاشماوەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، ڕاستە ئەم پرۆسەیە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری بەبێ جیاوازی گرتەوە، بەلاَم هەروەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەت بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە رەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران ئەویش بۆ مردنی لەسەرەخۆو تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتیان بەهەموو جۆرێك،(17)چونکە لە لێکۆڵینەوەکەدا دەرکەوتووە کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان لە(84%) ئەو ئافرەتانەن کە پیاوەکانیان ئەنفالکراوە ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە رێژەی پیاوی خێزاندار زۆر زیاتر لە ئافرەتی خێزاندار ئەنفالکراوەو شونبزرکراون، چونکە سیاسەتی رژێمی عێراق مەبەستی لە ناوبردنی گەنجی کوردە بۆ ئەوەی هێزی بەرهەم هێنی کوردستان لەرەگ و ریشەوە هەڵتەکێنێ، رژێم دەیزانی ئەگەر پیاوەکان ئەنفال بکات ئافرەتە خێزاندارەکان شووناکەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ داب و نەریتی کورد کە شەرمە ئافرەتی خاوەن منداڵ شوبکاتەوە، بەتایبەتیش ئەگەر چارەنوسی مێردەکەی بزربێت. رژێمی عێراق بەم کارەی هێزی بەرهەم هێنی مرۆیی لەناو برد، هەروەها خێزانی ئەو ئەنفالکراوانەی لەبەریەك هەڵوەشاندەوە، هەروەها رژێم مەبەستی دروستبوونی دیاردەی بەدڕەوشتی و بێ سەرپەرشتی بوو لە ناو کۆمەڵی کوردەواری).(18) لەو بەشەدا- کە دوابەشی لێکۆڵینەوەکەیە- باس لەو دیاردەو گیروگرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ئەو نەخۆشیە دەروونیانە دەکەین کە باڵیان بەسەر کەس و کاری ئەنفالکراوەکان داکێشاوە بۆ ئەوەی ئاگاداری بارودۆخی ژیان و هەڵس و کەوت وچارەنوسیان بین.

## باسی یەکەم

## گیرو گرفتی ئابووری

کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال سەرەڕای ئەوەی کەس و کاریان ئەنفال و بێسەروشوێن کران ماڵ و سەروەت و سامانیان لە لایەن رژێمی رووخاوی بەعس بە تاڵان بردرا وەك ئاشکرایە گرنگترین سەرچاوەی بژێوی ژیانی گوندنشینەکانی کوردستان چاندنی بەروبومی کشتوکاڵی بە رێژەی(66/28%) و ئاژەڵداری بەرێژەی(15/42%) بوو کەخیزانی کەس و کاری ئەنفال کراو لە پاش شالاوەکانی ئەنفال سەرچاوەی سەرەکی بژێویان لە دەست دا، کە دەتوانین بلێین ئەم بەشە چالاك و بەرهەمهێنە بوون، بە کۆمەڵێکی بێکار ئەمەش بە خۆی زەرەرو زیانێکی ئابووری بوو کە یەکەم بە کوردستان و دووەم بە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال کەوت. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە گیروگرفتی ئابووری زیاتر باڵی بەسەر ئافرەتەکان داکێشاوە،ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین کەس و کاری ئەنفال کراوەکان سەرچاوەیەکی بژێوی ژیانیان نییە و لە بێکاری و بێدەرامەتی رەنج دەبەن. لە لێکۆڵینەوەکە بۆمان دەردەکەویت کە پێش شالاوی ئەنفال رێژەی (96/2%) ژن و کچی ماڵەوە بوون و لەدەروەی ماڵ هیچ کارێکیتریان نەکردوە، لەهەمان کاتدا (2/85%) جوتیارن و کاری کشتوکالی کردوە وەك هاوکاری کردن لە خیزاندا. هەروەها (0/95%)ی لە دام و دەزگای حکومی خزمەتگوزار بووینە . بەلام پاش شالاوەکە چونکە زۆربەی پیاوەکانیان ئەنفال کراون وئافرەتەکان خۆیان سەرپەرشتی خێزانەکانیان دەکەن بۆیە

دەبینین هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان کەوتۆتە سەرشانی دایك و دایك بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیش و کاری ناوماڵ و کار کردن لەدەرەوە بۆ پەیدا کرنی بژێوی رۆژانە وهەروها زۆربەیان هاوسەری دووبارەیان هەڵنەبژاردۆتەوە کە رێژەی (96%).پێك دێنن  کە ئەمەش زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ نادیار بوونی چارەنووسی هاوژینیان و دابونەریتی کۆمەڵگا هەروەها پەروەردە کردنی مندالەکانیان هەر بۆیە وەك پیشەی ئێستایان رێژەکان بەم شێوەیە گۆرانیان بەسەردا هاتووە رێژەی 53\73% ژن و کچی ماڵەوەن و لەدەروەی مال هیچ کارێك ناکەن رێژەی 4\6% قوتابین کە ئەم رێژەیە لە پێش شالاوەکانی ئەنفال بەدی نەدەکرا ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە رژێمی  عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بەنەخوێندەواری بهێڵێتەوە، تاوەکو لەڕووی پێشکەوتنو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریەکان بەدوا کەوتویی بمێنێتەوەو لە ڕەوتی کۆمەڵگەکان دابڕێ لە هەمان کاتدا رێژەی 6\8% کرێکاری و کاری کشتوکاڵی دەکەن کە ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی رۆژانەی خۆی و مندالەکانیان  هەر وەك پێشتر باسمان کرد  هەروەها رێژەی  1\3% کاری پیشەی دەست وەك دۆرمان و گۆلی دەستکرد و تەنوری نان لە قۆر دروست  دەکەن  27\2% لە دام دەزگاکانی حکومەت کاری خزمەتگوزاری دەکەن بە رێژەی1 \6%  لە رێکخراوەکانی غیرحکومی کار دەکەن ،لێرەدا ئەگەر بمانەوێت بەراوردێك بکەین لە نێوان کار و پیشەی رەگەزی مینەدا لە پیش ئەنفال و پاش ئەنفال بکەین ئەو گۆرانکاریانە بەدی دەکەین کە لە کار و پیشەی ژنان و کچان بەجێماوەی ئەنفالدا هاتووتە ئاراوا ك ئەویش دەگەریتەوە  بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لەئەنجامی شاڵاوەکاندا  بەسەر خێزانی کورد داهات بۆ نموونە هەژاری، گۆڕینی جێو شوێن، بێ سەرپەرشتیاری خێزان.. هتد، دەتوانین بە سلبی بە ایجابیش لە قەڵەمی بدەین.

بە شێوەیەکی گشتی سەبارەت بە سەرچاوەکانی بژیوی ژیانی کەسوکاری ئەنفال  هەر وەك لە لێکۆلینەوەکەدا دەرکەوتووە  دەتوانین بلێین خیزانی کەس و کاری ئەنفال کراو لە پاش شاڵاوەکانی ئەنفال سەرچاوەی سەرەکی بژێویان لە دەست دا، کە کاری کشتوکالی و بەخێو کردنی مەروماڵات بوو و ئەم بەشە چالاك و بەرهەمهێنە بوون، بە کۆمەڵێکی بێکار ئەمەش بە خۆی زەرەرو زیانێکی ئابووری بوو کە یەکەم بە کوردستان و دووەم بە کەس و کاری قوربانیانی ئەنفال کەوت، هەر بۆیە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بە ناچاری بۆ دابین کردنی پێداویستیە سەرەکییەکانی ژیانیان پشت بە بە هەندێك سەرچاوەی ئابووری  دەبەستن کە کەموکۆرییەکانی ژیانیان پر ناکاتەوە، رێژەی (25/03%) ئەو خێزانانەی کە رێکخراوە مرۆییە ناوخۆیی و بیانیەکان یارمەتی دراوەن،  ریژەی (74\37%) مووچەیان بۆ بڕاوەتەوە لە لایەن حکومەت وەك (دەزگای شەهیدی پێشوو و وەزارەتی پێشمەرگە و چاودێری خیزان و خانەنشینی و کارگوزاری)، ئەوانەی خزم و کەس و کاریان یارمەتیان داون لە جیاتی قەرەبوو کردنەوەی زەرەر و زیانیان و بژێوی ژیانیان رێژەی (3%) پێك دێنن، بەڵام رێژەی (54\33%) هیچ جۆرە یارمەتییەك نەدراون نە لەبڕی زیانەکان و نە بۆ بەرێوەبردنی ژیانی رۆژانەیان ئەوەی جێگای ئاماژە پێکردنە زۆربەی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان بۆ بژیوی ژیانیان پشت بە وەرگرتنی بڕی خوراك کە مانگانە بەستووە کە ئەویش وەك هەموو لایەك ئاگادارن ماوەیکی زۆرە بە کەموکۆریەکی زۆر دابەش دەکرێت هەروەها دەتوانین بڵێین  کەسوکاری ئەنفالەکان ئەو بڕە یارمەتییە کەمەی کە لە حکومەت و رێکخراوەکان وەریدەگرن لە بەر گرانی بازار و کری نیشتەجێبوون چارەسەری کێشەکانیان ناکات  بەلام دەتوانین بڵێین لە هیچ باشترە ،هەر بە پێی ئەو لێکۆلینەوەیە بۆمان دەرکەوتووە بە رێژەی 42\74% کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کێشەی نیشتەجێ بوونیان هەیە.

به شێوەیەکی گشتی دەبێت مشۆرێکی جدیانە لەم کارەساتە بخورێت ئەمەش لە ڕێگای بەرهەمهێنانی داهات بۆ کەسوکاری ئەنفالەکان بە تایبەتی ئافرەت کە ڕێژەی 53\73% ژن و کچی ماڵەوەن و لەدەروەی مال هیچ کارێك ناکەن بە هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە و کۆمپانیاکانی ناوەوە و دەرەوەی وڵات و بۆ ئەم مەبەستەش سوود لە پسپۆران وشارەزایانی ئەم بوارە وەربگیرێت.

هەروەها حکومتی هەریمی کوردستان داوا لە حکومتی فیدرالی عێراق بکات وێرای داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بەرامبەر ئەو هەموو کارەسات مەینەتیاتە ، بەشێکی تایبەت لە بوودجەی عیراق بۆ دابینکردنی مووچەی مانگانە و ئاوادان کردنەوەی گوندەکان و چارەسەرکردنی کێشەی نیشتەجێبوون و قەربووکردنەوەی زەرەروزیانیان دابنرێت، کە ساڵانێکی زۆرە کەسوکاری ئەنفالەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن.

## باسی دووەم

## دیاردەو نەخۆشیە دەرونییەکان

نەخۆشیە دەرونییەکان (بریتیین لە کۆمەلێك دیاردەی پەشۆکی و هەڵچوون کە لە مرۆڤدا دەردەکەوێت ئەم پەشۆکی و هەڵچونانە هۆکارێکی ئەندامی دیاریکراوی نییە لە لەشی مرۆڤدا بەڵکو ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ دەروونی مرۆڤ و ئەشتوانین بڵێین هەستێکە حەوانەوەی مرۆڤ تێکدەدات).(19) زێدەرۆیی نییە ئەگەر بلێین نەخۆشییە دەرونییەکانی ئافرەتانی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بەرێژەی نەخۆشییە جەستەیی و لەشییەکان یەکسانن و رۆژ لەدوای رۆژیش لە زیاد بوندایە .

بەلاَم ئەگەر سەرنجێکی ورد بدەینە ڕوخساری کەس و کاری ئەنفالکراوەکان و لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و تەندروستیان بکۆڵینەوە ئەوا بە ئاشکرا ئاسەواری ئەو نەخۆشیانە بە دیاردەکەوێت . لەم لێکۆڵینەوە مەیدانیدا کە زۆربەیان ئافرەتن ئەنجامدراوە بە رێژەی 76%ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری نەخۆشی دەرونی وەك دڵەراوکێ ، خەمۆکی، ترس، لەهۆش چوون...هتد هاتوون) کەوا لە خوارەوە باسیان دەکەین.

## ا- دڵەراوکێ:

دڵەراوکێ جۆرێکە لە هەڵچونی دەروونی و تاڕادەیەکی زۆر لەترس دەچێت لە کاتی ترسناکیداو ئەمەش دەم دەم ڕوودەدات یان بەشێوەیەکی هێواش دەست پێ دەکات ئینجا وردە وردە زیاد دەکات، دڵە ڕاوکێ کەس لێی رزگار نابێت و هەموو کەسێك دوچاری دەبێت بەکەم و زیادەوە ئافرەت زیاتر دوچاری دەبێت وەك لە پیاو بەرێژەی 2% بۆ1% لە لێکۆلینەوەکەدا هاتووە کە لە (51ر20) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دووچاری دڵەراوکێ هاتوونە کە ئەوەش رێژەیەکی زۆرە بە بەراوررد لەگەڵ هەندێك لە نەخۆشیە دەرونییەکانی تر.

## ب- ترس، تۆقاندن :

ترس حالەتێکی دەرونییە کە مرۆڤ توشی دەبێت و یەکێکە لە حاڵەتەکانی دڵەراوکێ یان پەرچدانەوەی هۆکارێکی دیار، وەك ترس لە تاریکی و شوێنی داخراوو سوار بوونی هۆکانی گواستنەوە، فرۆکە ،کەشتی، شەمەندەفەر یان ترس لە شوێنی بەرز، هەر لە لێکۆلینەوە کە دەرکەوتوە کە (76ر19%) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تووشی ترس هاتوون کە ئەوەش بێگومان دەرەنجامی ئەو هەموو جەوروستەم و زەبرو ڤینەیە کە رژێم بەرامبەر بە گەلی کوردی ئەنجامداوە، چونکە بێ بەزەیی و دڕندەیی ئەو رژێمە و تاوانەبێوێنەکانی بوەتە هۆی خولقاندنی حالەتێك لە تۆقاندن کە ئەوەش بێگومان لە نەوەیەك بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە.

## ج- لە هۆش چوون پەرکەمی (الصرع)

نەخۆشیەکی دەمارییە بریتیە لە پەشۆکی کاتی لە فەرمانەکانی دەماغدا کەبورانەوەی لەگەڵدایە ئەم پەشۆکیەش شیاوی دووبارەبوونەوەیە، دیارە ئەم نەخۆشییە دەرونییە وەك هەموو نەخۆشییەکانی تر لەلایەن کەس و کاری ئەنفالکراوەکانەوە زیاتر لەوانی تر بە دیار کەوتوە، لێکۆلینەوە مەیدانیەکە ئەوەی دەرخستوە کە لە (66ر5%) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری ئەم نەخۆشییە هاتوون ئاسەوارێکی خراپیشی کردۆتە سەر باری خێزانی و دەروونی ئافرەت و کەس وکاری ئەنفالکراوەکان.

## د- خەمۆکی (الکابە):

خەمۆکی حالەتێکی دەروونی گشتیە توشی هەموو چین و توێژێك دەبێت ، ئەم نەخۆشیە لە کاتی تەنگانەو ناخۆشی و لێقەوماوی‌و نەهامەتی و خەم و خەفەتدا دوچاری مرۆڤ دێت (ئەم حالەتەش رۆژ بەرۆژ لە زیادبوندایە بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە گۆڕانکاری خێرایان بەسەر دا دێت وەك ناوچەی کوردستان کە لە بارودۆخێکی تایبەت دا دەژی).( 20) هەر لەلێکۆلینەوە کە داهاتوە کە (54ر18%) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان دوچاری خەمۆکی هاتون).

کە بێگومان ئەو رێژەیە بە هۆی ئەو بارە ناهەموار و دژوارەی کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان تیایدا دەژین رۆژ لە دوای رۆژ لە زیاد بوندایە و چاوەڕوانی چارەسەرێکی خێراو کتوپڕی لێناکرێت.

## ە- لە بیرکردن(النسیان):

زۆر جار روداوی دڵتەزێن و ناخۆش و کاریگەر دەبێتە هۆی لە بیرکردن، ئەم حالەتە دەرونیە کاردەکاتە سەرمێشك لە ئەنجامی زۆر لێکۆلینەوە، وەك مردنی خۆشەویستێك یان یادکردنەوەی روداوێکی دڵتەزێن کە دەبێتە هۆی خورپەیەکی دەروونی کە کاردەکاتە سەر مێشك و دەبێتە هۆی لە بیر چوونەوە ئەمە (53ر11%) ئافرەت لە خێزانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان کە لێکۆڵینەوەکەیان لەسەر ئەنجامدراوە دووچاری لە بیر چونەوە هاتوون).

ئەمانە و گەلێك دیاردەو گیروگرفتی دەروونی تر وەکو (دڵ تەنگی، شێت بوون، تووڕەبون، زۆر بیرکردنەوە...هتد ) کە کەس و کاری ئەنفالکراوەکان دوچاری هاتون و تاوەکو ئێستاش بە دەستیانەوە دەناڵێنن وە ئەگەر لە ڕێژەی توش بوان بە گرفت و نەخۆشیە عەقڵی و دەرونیەکان وردبینەوە دەبێنین شاڵاوەکانی ئەنفال لە روی دەرونیەوە کارێگەری زۆر خراپی هەبووە لەسەر ئەندامانی خێزانە ئەنفالکراوەکان بەتایبەتی ئافرەت و ئەندامانی کۆمەڵ بەگشتی.

## باسی سێیەم

### دیاردە گیروگرفتە کۆمەڵایەتیەکان

ئۆپەراسیۆنی ئەنفال هۆکارێکی سەرەکی بوو بۆ شلەژان و پەرتەوازەبوونی کۆمەڵگەی کوردەواری و تێکدانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان یەکتریدا ، هەروەها بوە هۆی نەهێشتن و تێکدانی داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواری کە بنچینە و بنەمای سەرەکین بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی. نەخۆشی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانی پاشماوەی ئەنفال گەلێك زۆرن لەوانە:

## ا- سەرپەرشتیاری خێزان:

بێگومان هەروەك لە پێشەوە باسمان کرد کە خێزان بەردی بناغەی کۆمەڵەو کۆمەڵیش لە ڕێگای ئەوەوە دەتوانێت زۆر لە ئەرك و مافەکانی بەجێ بێنێت، وە کاتێك سەرپەرشتیاری ئەو خێزانە بەهەر هۆیەك بێت نەمێنێت ئەوا سیستەمی بنەڕەتی دوچاری بارێکی نا ئارامی و ناجێگری دەبێت لە دوایدا ئاسەوارێکی خراپی

بەسەردا دێت. ئەگەر بەراوردێك لە نێوان باری خێزان و سەرپەرشتیاری بکەین لە پێش ڕوودانی شاڵاوەکانی ئەنفال و دوای ڕودانەکەش ئەوا هەندێك ڕاستیمان بۆ بەدیار دەکەوێت کە سەرپەرشتیاری خێزان چ ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەیە لە پێشخستن و سەرکەوتنی خێزاندا. (لە پێش شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی 1988 سەرپەرشتیاری خێزان ڕێژەی(33ر89%) لە ژێر دەسەڵاتی باوك بوە بەرامبەر (8%) کە لە ژێر دەسەڵاتی دایك بوە، بەلام ئەم ڕێژەیە لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال گۆڕانیکی زۆری بەسەردا هاتووە کە بوەتە لە (66ر34%) لە ژێر دەسەلاتی باوك و دایکیش ڕێژەی (55ر65%) بەرکەوتوە ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوان زۆر بەر شاڵاوەکە کەوتونە بەرامبەر بەرێژەی ئافرەت، بۆیە دەبینین هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت و ئافرەت بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیش و کاری ناوماڵ و کار کردن لەدەرەوە بۆ پەیدا کرنی بژێوی ڕۆژانە کە ئەوەش بوەتە هۆی تێك چون و شلەژانی خێزان و پەیوەندیییە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی تیایدا.

ب- گۆرینی شوێنی نیشتەجێ بوون و لەدەست دانی داب و نەریتی ڕەسەنی کۆمەڵایەتی

هەرکۆمەڵگەیەك کە شلەژاو بەرەو نەمان چوو ئەوا بێگومان زۆر لە بنەما سەرەکییەکانی لە دەست دەدا یان گۆڕانی بەسەر دادێت، شاڵاوی ئەنفال کە بناغە و پرانسیپە سەرەکیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری تێك و پێکدا کاری کردە سەر داب و نەریتی ڕەسەنی کوردەواریش بە جۆرێك کە بە ڕێژەی لە (23ر61%) خێزانەکان دوای گۆڕانی شوێنی دانیشتن و لەبەر دابڕانیان لە خزم و کەس و کاریان بە ناچاری وازیان لە داب و نەریتی ڕەسەنی خۆیان هێناوەو پەیڕەوی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئەو شوێنە دەکەن کە تێیدا نیشتەجێ کراون، هەرچەندە کۆسپ و گیرو گرفتیان توش هاتوەو توش دێت، هەروەك لەمەوپێش ئاماژەمان پێکرد ئافرەت بەشی هەرە زۆری ئەو نەهامەتی و دەردەسەریانەی بەرکەوت بەتایبەتی دوای ئەوەی کە ڕەوانەی ئۆردوگا زۆرەملێکان کران ئەویش بۆ مردنی لەسەرەخۆو تێکدانی ڕەوشی کۆمەڵایەتی و شکاندنی کەسایەتیان بەهەموو جۆرێك ئەمەش ئامانجێکی گرنگی ڕژێم بوە لە پلان دانان و پیادەکردنی شاڵاوەکانی ئەنفالدا بەرامبەر بە خەڵکی گوندنشینی ناوچەکانی کوردستان کە خاوەن داب و نەریت و کولتوری ڕەسەنی نەتەوەیی بوون.

ج- دیاردەی نەخوێندەواری:

ئاشکرایە نەخوێندەواری کوشندەترین نەخۆشییە کەدووچاری کۆمەڵ دێتو بەهۆیەوە ئەم کۆمەڵە دوادەکەوێت ولەرەوتی کۆمەڵگەکانی تر دادەبڕێ. بەشێوەیەکی گشتی ڕێژەیەکی زۆری ئافرەتی کورد نەخوێندەوارە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دابو نەریتو عەقلیەتە دوا کەوتووەی کە کۆمەڵگەی کوردەواری بەسەر ئافرەتی داسەپاندوە، شاڵاوەکانی ئەنفال زۆر دیاردەو نەخۆشی کۆمەڵایەتی لێکەوتەوە، نەخوێندەواریش یەکێکە لەو دیاردانە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بارودۆخە ناهەموارەی کە لەئەنجامی شاڵاوەکاندا بەسەر خێزانی کورد داهات بۆ نموونە هەژاری، گۆڕینی جێو شوێن، بێ سەرپەرشتیاری خێزان.. هتد، هەموویان فاکتەری سەرەکین کەوایان کردووە کەسو کاری ئەنفالکراوەکان بەنەخوێندەواری بمێننەوە، هەروەها ئەوەشمان لەبیرنەچێت کەرژێمی عێراق هەردەم هەوڵی داوە گەلی کورد بەنەخوێندەواری بهێڵێتەوە، تاوەکو لەڕووی پێشکەوتنو پەرەپێدانی کۆمەڵایەتیو ڕۆشنبیریەکان بەدوا کەوتویی بمێنێتەوەو لە ڕەوتی کۆمەڵگەکان دابڕێ لە لێکۆڵینەوەکە داهاتووە کە ڕێژەی نەخوێندەواری ئافرەت لەخێزانی ئەنفالکراوەکان لە (33ر77%)ە کە بەرزترین ڕێژەیە بەرامبەر بە (68ر3%) کەخوێندەوارن (بەمانای ئەوەی دەزانن بخوێننو بنوسن) لەکاتێکدا لە (42ر10%) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی ناوەندییان هەیە ڕێژەکەیان لە(23\5%)ەو سەبارەت بە ئاستی دواناوەندی و پەیمانگا و زانکوکان ڕێژەکەیان (34\3%) کە هۆی کەمی ئەم

**ڕێژەیە دەگەڕێتەوە بۆ خراپی و ئالۆزی باری ژیانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان و هەروەها پێگەی کۆمەلایەتی ئافرەتی کورد کە ڕێگا لە خویندنیان دەگیرێت.**
**دیارە ئەمەش گیروگرفتێکی ئێجگار گەورەیە کەپێویستە لێکۆڵینەوەو چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، چونکە مانەوەی ئەم ڕێژە بەرزە لەناو ئەم کەس و کارانە دەبێتە هۆی دروستبوونی نەوەیەك کە (خوو) بەنەخوێندەواری بگرێت. بێگومان زۆر لەدیاردە کۆمەڵایەتیەکانی تر باڵیان بەسەر کەس و کارو خێزانی ئەنفالکراوەکان کێشاوە کە لەوانەیە چارەسەرکردنیان کاتێکی زۆر دەخایەنێ.**

## ئەنجــام

**لە کۆتایی ئەم لێکۆلینەوەیە دا دەکرێ ئەنجامە سەرەکییەکانی بەم شێوەیەی خوارەوە لێکبدەینەوە:**
**یەکەم: پرۆسەی ئەنفال یەکێکە لە گەورەترین و دڕندانەترین تاوان- وێرای زنجیرە تاوانەکانی تر- کە دەرهەق بە نەتەوەی کورد ئەنجامدرا بێت، بێگومان ئامانجی سەرەکی ڕژێم تیایدا پاکتاو کردنی نەژادی و بڕانەوەی ڕەچەڵەکی مرۆڤی کورد بووە، ئەم تاوانە نا مرۆڤانەیە کاریگەرییەکی ئێجگار گەورەی کردە سەر نەتەوەی کورد بە گشتی و تاکی کورد بە تایبەتی هەروەها زەرەروزیانێکی زۆریشی بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی کوردەواری بەبێ جیاوازی گەیاند.**
**دووەم: ئافرەت قۆچی قوربانی کارەساتی ئەنفالە ، چونکە(لە پێش شاڵاوەکانی ئەنفالی ساڵی 1988 سەرپەرشتیاری خێزان ڕێژەی(33ر89%) لە ژێر دەسەڵاتی باوك بوە بەرامبەر (8%) کە لە ژێر دەسەڵاتی دایك بوە، بەلام ئەم ڕێژەیە لە دوای شاڵاوەکانی ئەنفال گۆڕانێکی زۆری بەسەردا هاتووە کە بوەتە لە (66ر34%) لە ژێر دەسەلاتی باوك و دایکیش ڕێژەی (55ر65%) بەرکەوتوە ئەوەش ئەوەمان بۆ ڕون دەکاتەوە کە ڕێژەی پیاوان زۆر بەر شاڵاوەکە کەوتونە بەرامبەر بەرێژەی ئافرەت، بۆیە دەبینین هەموو ئەرکە کۆمەڵایەتیەکان کەوتۆتە سەرشانی ئافرەت و ئافرەت بوەتە سەرپەرشتیاری ماڵ و هەر لە پەروەردەکردنی منداڵ و ئیش و کاری ناوماڵ و کار کردن لەدەرەوە بۆ پەیدا کرنی بژێوی ڕۆژانە کە ئەوەش بوەتە هۆی تێك چون و شلەژانی خێزان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و گۆڕانی سیستەمی پەروەردەیی تیایدا. ،بێگومان ئەوەش ئامانج و مەبەستی سەرەکی ڕژێم بوو بۆ ئەوەی خێزانی کورد پەرتەوازە بکات و ئافرەتەکانیش توشی دیاردەی نامۆیی و دوور لە داب و نەریتی کۆمەڵایەتی بکات.**
**سێیەم: وێڕای زەرەرو زیانی گیانی پرۆسەی ئەنفال کاریگەرییەکی گەورەی کردە سەر ژێرخانی ئابووری کوردستان و دوچاری ئیفلیجی و شلەژانی کرد، چونکە ئاشکرایە گوندو دێهاتەکان کە سەرچاوەی بنەڕەتی داهاتی کوردستانن گشتی وێرانکران و لە ناوبردران بەمەش ئابووری کوردستان ڕوی لە کزی کردو بەرەو هەلدێرچوو لە لێکۆلێنەوەکە بۆمان دەردەکەویت کە پێش شالاوی ئەنفال ڕێژەی (96/2%) ژن و کچی ماڵەوە بوون و لەدەرەوەی مال هیچ کارێکی‌تریان نەکردوە،بەلام پاش شالاوەکانی ئەنفال ڕێژەکان بەم شێوەیە گۆرانیان بەسەردا هاتووە ڕێژەی 53\73% ژن و کچی ماڵەوەن و لەدەروەی مال هیچ کارێك ناکەن ڕێژەی 4\6% قوتابین کە ئەم ڕێژەیە لە پێش شالاوەکانی ئەنفال بەدی نەدەکرا لە هەمان کاتدا ڕێژەی 6\8% کرێکاری و کاری کشتوکاڵی دەکەن هەروەها ڕێژەی 1\3% کاری پیشەی دەست وەك دۆرمان و گۆلی دەستکرد و تەنوری نان لە قۆر دروست دەکەن 27\2% لە دام دەزگاکانی حکومەت کاری خزمەتگوزاری دەکەن بە ڕێژەی1 \6% لە ڕێکخراوەکانی غیرحکومی کار دەکەن کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دابین کردنی بژیوی ژیانی ڕۆژانەی خۆی و منداڵەکانیان هەر وەك پێشتر باسمان کرد .**

چوارەم: تاوانی بەدی ئەنفال گەلێك دیاردەی كۆمەڵایەتی لێ كەوتەوە لە وانەش گورینی شوێنی نیشتەجێ بوون و كە ئەمەش بێگومان كاریگەرییەكی ئێجگار گەورەی كردە سەر داب و نەریت و ڕەوشت و خەسلەتە تایبەتمەندییەكانی كۆمەڵگەی كوردەواری و بوە هۆی لە دەستدانی هەندێك لەوبنەما سەرەكیو پتەوانەی كە لە كۆمەڵگە دا بەدی دەكران كە بە رێژەی لە (23ر61%) خێزانەكان دوای گۆڕانی شوێنی دانیشتن و لەبەر داپڕانیان لە خزم و كەس و كاریان بە ناچاری وازیان لە داب و نەریتی رەسەنی خۆیان هێناوە،
پێنجەم: سەبارەت بە نەخویندەواری كە رێژەی نەخوێندەواری ئافرەت لەخێزانی ئەنفالكراوەكان لە (33ر77%)ە كە بەرزترین رێژەیە بەرامبەر بە (68ر3%) كەخوێندەوارن (بەمانای ئەوەی دەزانن بخوێننو بنوسن) لەكاتێكدا لە (42ر10%) خاوەن بڕوانامەی سەرەتایین، بەڵام ئەوانەی بڕوانامەی ناوەندییان هەیە رێژەكەیان لە(23\5%)ەو سەبارەت بە ئاستی دواناوەندی و پەیمانگا و زانكوكان رێژەكەیان (34\3%) كە هۆی كەمی ئەم رێژەیە دەگەرێتەوە بۆ خراپی و ئالۆزی باری ژیانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان و هەروەها پێگەی كۆمەلایەتی ئافرەتی كورد كە رێگا لە خویندنیان دەگیرێت.
شەشەم:.هەروەها ئاسەواری تاوانی ئەنفال بوە هۆی بڵاو بوونەوەی كۆمەلێك گرفت و نەخۆشی دەرونی كە بە رێژەی 76%ئافرەت لە خێزانی كەسوكاری ئەنفالكراوەكان دوچاری نەخۆشی دەرونی وەك دڵەراوكێ ، خەمۆكی، ترس، لەهۆش چوون...هتد هاتوون) تاوەكو ئەمڕۆ بە دەستیانەوە دەناڵێنن ئەمە وێرای نەخۆشی جەستەیی و كەم ئەندامی لەشی كە رێژە یەكی زۆر دوچاری هاتوون.

## پێشنیار و راسپاردەكان

ئاشكرایە دوا بە دوای ئەنجامدانی پرۆسەی بەدی ئەنفال كۆمەڵی كوردەواری هەروەك لە پێشەوە باسمان كرد- دوچاری گەلێك گیروگرفت و تەگەری ناخۆش بۆوە، كە ئەمەش وای كرد بارودۆخو ڕەوشێكی تایبەتی بە سەر پاشماوەی كەس و كاری ئەنفالكراوەكان دابێت و دوچاری حالەتێكی نالەبار و ناسەقامگیریان بكات، بۆیە لەم روانگەیەوە پێویستە ستراتیژیەتێكی تایبەت بۆ چارەسەركردن و نەمانی ئەم ڕەوشە نالەبارە بدۆزرێتەوەو نەخشەو پلانی گونجاوو لە باری بۆ دابرێژرێت و تیایدا هەوڵبدرێت ئاسەوارەكانی ئەم تاوانە بنبڕ بكرێت یاخود هەر نابتوانرێت كەم بكرێتەوە بێگومان ئەم ئەركەش دەكەوێتە سەرشانی هەموو كەس و لایەنێك بۆ ئەوەی بە ئەركی نەتەوایەتی خۆیان هەڵبستن و ئەم كارە ئەنجام بدەن.
یەكەم: لە سەرەتا دا پێویستە حكومەتی هەرێمی كوردستان بەتایبەتی كە ئیستا وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالكراوەكان دامەزراوە مشورێكی جدیانە لەم گیروگرفتانە بخوات و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەكانی ئەم بابەتە هەوڵبدەن كە رێگا چارەی گونجاو بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئاسەوارەكانی ئەنفال بەرەو نەمان بچێت و لە ئێش و ئازارەكانی كەسوكاریان كەم بكرێتەوە.
دووەم: پێویستە ئیستا كە تاوانی ئەنفال لە رێگای دادگای ئەنفال خراوەتە خانەی قڕكردنی بە كۆمەڵ (جینۆساید) هەوڵبدرێت لە رێگای دیبلۆماسیەتی كورد و نوێنەرانی حكومەتی هەرێم لە دەرەوە ئەم بابەتە لە كۆڕو كۆبونەوە نێو دەوڵەتییەكان بوروژێنریت و مەزلومیەتی گەلی كورد بۆ جیهان رون بكرێتەوەو ئەوانەش كە دەستیان لە ئەنجامدانی ئەم تاوانە بێ وینەیە هەبووە، بەسزای خۆیان بگەن، بەتایبەتی كە دەبینین ئەمڕۆ چۆن تاوانبارانی جینۆساید كردنی گەلی كوردستان ئەو حوكمەی بەسەریان دراوە دوادەخرێت .
سێیەم: داوا لە نەتەوە یەكگرتوەكان (UN) بكرێت كە لیژنەیەكی تایبەت و رەسمی بۆ كوردستان بنێرن بۆ ئەوەی بەشێوەیەكی پراكتیكیانە لەم تاوانە بكۆلنەوەو بە چاوی خۆیان پاشماوەو ئاسەوارەكانی ببینن ، لەم

بارەیەوە دڵنیاین کە نەتەوە یەکگرتوەکان بەڵگەنامە و زانیاری تەواو پێویستیان لە بەردەستدایە بۆ بەکار هێنانی.
چوارەم : هەوڵبدرێت داوای قەرەبوو کردنەوە بۆ پاشماوەی کەس و کاری ئەنفالکراوەکان بکرێت کە زۆربەیان منداڵ و ئافرەت و پیروپەککەوتەن بۆ ئەوەی لەو نەهامەتی و دەردەسەریەی کە تیایدا دەژین یارمەتی ژیان و گوزەرانیان بدات کە ماوەی 19ساڵە بە دەستیەوە دەناڵێنن.
پێنجەم: پێویستە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهەماهەنگی لەگەڵ حکومەتی فیدرالی عیراق ورێکخراوە نێودەولەتی و مرۆییەکان کە لە کوردستاندا کاردەکەن هانی ئەو خەڵکە بدەن کە کاتی شاڵاوەکە لە گوندو دێهاتەکانیان وەدەرنراون بۆ زێدی باب و باپیرانیان بگەرێنەوە، هاوکات پێویستە حکومەت هەموو پیداویستی و ئاسانکارییەکیان لە ڕووی (مادی و مەعنەوی ) بۆ دەستەبەر بکات و کارە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین بکات بۆ ئەوەی بتوانن دوبارە کاروباری خۆیان ڕێك بخەنەوەو سەر لەنوێ خانوو بەرەکانیان بنیاد بنێنەوە. ئەمەش بێگومان سودێکی باش بە ژێرخانی ئابووری کوردستان دەگەیەنێت.
شەشەم: پێوسیتە کەناڵەکانی راگەیاندن ( لە دەرەوەو ناوەوە) لە دەرخستن و نیشاندانی ئەم تاوانە دەستەوەستان نەوەستن و ڕاستیەکان بۆ جیهان رون بکەنەوە بە تایبەتی حاڵی حازر کە خاوەنی کەناڵی ئاسمانین و بە ئاسانی دەتوانین دەنگ و ڕەنگمان بگەینینە هەموو دنیا.حەوتەم: دامەزراندنی دەزگایەکی ئەرشیڤی مللی بەمەبەستی پاراستنی هەموو ئەو دێکۆمینت وبەڵگەنامەکانی( بینراوو بیستراوو خوینراو) ،هەروەها وەکو دەزگایەکی ستراتیژی لێکۆڵینەوەو دیراساتی لەسەر بکات، تاوەکو بتوانێت مێژووی کارەساتەکانی کە بە سەر گەلی کوردستاندا هاتووە بۆ نەوەی نوێ بپارێزێت ولە هەمان کات بۆ ناساندنی جینوسایدی گەلی کوردستان بۆ رای گشتی جیهانی زانیاری لەمەڕ ئەم تراژیدیایە کۆبکاتەوەو بە دیکۆمێنتیان بکات.

## پەراوێــــــز

1- خليل بن احمد الفراهيدی، کتاب العين الجزو (8)،گ2، مؤسسه دار الهجره 1990، ص(325).
2-د. ئەمیری حەسەن پوور، بەرو تێگەیشتنو بەربەرەکانی کردنی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(11).
3-هەمان سەرچاوە، لاپەڕە(12)
5-یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و ڕەهەندەکانی، لێکۆڵینەوەیەکی مەیدانیە لە پارێزگای هەولێردا، چاپی یەکەم هەولێر/2001، لاپەڕە (227).
6-دکتۆر ڕەشاد میران، م. یوسف دزەیی،سەرچاوەی پێشوو، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، لاپەڕە (248).
7-تیشکێك لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا، زنجیرە (1) لاپەڕە (9).
8-لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی هەمان سەرچاوە، زنجیرە (3)، لاپەڕە (10).
MEW-9، وەرگێر سیامەندی موفتیزادە، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە(403).
MEW-10 ، وەرگێر سیامەندی موفتیزادە، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە(142).
11-کنعان مکیە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (160).
12-کنعان مکیە، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (161).
MEW-13، وەرگێر سیامەندی موفتیزادە، هەمان سەرچاوە، لاپەڕە(403).
14-لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە (1)، لاپەڕە (6).

15-له بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی سەرچاوەی پێشوو، زنجیرە (1)، لاپەڕە (7).
16-عەدالەت تالەبانی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (68).
17- لەتیف فاتیح فەرەج، سەرچاوەی پێشوو گۆڤاری ئەنفال، ژمارە (1)
18-یوسف دزەیی، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (215).
19-محمد کەریم شەیدا، نەخۆشییە دەروونییەکانو دەروون لەشییەکان (سایکۆماتی)یەکان ، چاپی یەکەم، سلێمانی/2000، لاپەڕە (5)
20-محەمەد کەریم شەیدا، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە (68)

*لە 1988/9/6 رژێمی عێراق بڕیاری لێخوشبوونی گشتی (عفو عام)ێکی ساختەی دەرکرد، زۆربەی ئەوانەی کە بڕوایان بەو بڕیارە کردو خۆیان تەسلیم بە رژێم کرد شوێنبزرکران و لەناو بردران.

** ملازم اول عبدالله بارقە کەبە حەجاج ناوی دەرکردبوو، گەنجێکی کەتەی کەچەڵ کەسێکی ترسناکی قیزەوەنی سەر بەبارەگای ئەمنی بەغدا بووە، بەرپرسی بەندیخانەی نوگرە سەلمان بووە، لە دڕندایەتی کردن و ئازاردانی بەندکراوەکان ناوبانگی دەرکردبوو.

سەرچاوەکان


1. MEW، وەرگێڕ سیامەندی موفتی زادە، جینۆساید لە عێراقدا و پەلاماری ئەنفال بۆ سەر کورد، سلێمانی1999.
2. تیشکێك لەسەر نرکە و ناڵەی بەناو ئەنفالەکان، لە بڵاوکراوەکانی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عێراقدا.
3. کنعان مکیە، القسوە والصمت، الحرب والگغیان والانتفاچە فی العالم العربی، اربیل/1996.
4. لەتیف فاتیح فەرەج، گۆڤاری ئەنفال، ژمارە(1) ساڵی/2000.
5. دکتۆر رەشاد مێران، م. یوسف دزەیی، گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(19)ی بەهاری(2001).
6. محەمەد کەریم شەیدا نەخۆشیە دەروونیەکان و دەروون لەشییەکان (سایکۆماتی)یەکان، سلێمانی/2000.
7. عەدالەت تالەبانی، ئەنفال و نهێنیەکانی.
8. یوسف دزەیی، ئەنفال کارەسات ئەنجام و رەهەندەکانی، هەولێر/2001
9. خلیل بن احمد الفراهیدی، کتاب العین الجزو (8)،گ2، مۆسسە دار الهجرە 1990، ص(325).
10. د. ئەمیری حەسەن پوور، بەرو تێگەیشتنو بەربەرەکانی کردنی ئەنفال، گۆڤاری ئەنفال،سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە(11).